کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
22:34 3-12-2007 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# لە گەرمیان توندوتیژی دژی ژنان بە هۆکاری جیاجیا لە هەڵکشان و داکشاندایە .. نوسینگەی گەرمیان: سەباح عەلی جاف، گوڵباخ حەسەن

لە گەرمیان ئەمساڵ کێشە کۆمەڵایەتیەکان روو لە زیاد بوونە بە تایبەت گرفتەکانی نێوان ژن و مێرد و خێزان و بە پێی ووتەی شارازایان و بەرپرسەکانی رێکخراوەکان توندوتیژی دژی ژنان روو لە هەڵکشانە.

لەماوەی ئەمساڵدا 150 کێشەی کۆمەلایەتی هاتوونەتە لقی گەرمیانی یەکێتی ژنانەوە بەشێکی ئەو کێشانەش توندوتیژیین دژ بە ژنان

بە پێی ئامارێك کە دەست کەوتووە لەماوەی کەمتر لە یەك ساڵدا، زیاتر لە 150 کێشەی خێزانی هاتوونەتە لقی گەرمیانی یەکێتی ژنان و بەشێکی زۆری ئەو کێشانە پەیوەندییان بە توندوتیژییەوە هەبوو.

بەپێی ئامارێکی لقەکە، لە ماوەی یانزە مانگی ئەمساڵدا، 150 کێشەی خێزانی و کۆمەلایەتی لەنێوان ژن و مێردەکانی سنوورەکە هاتووەتە لقەکە و هەوڵدراوە چارەسەری پێویستی بۆ بکرێت.

ئامارەکە ئەوەش دەردەخات کە زۆرترین کێشەکان تەڵاق و توندوتیژیین و بۆ هەموو کۆمیتەکانی لقەکە لە شارە جیاوازەکانی گەرمیان هاتوون، ئاشکراشی دەکات کە هەر ئەم ساڵ 11 حاڵەتی سوتاندن و کوشتن لە سنووری گەرمیاندا لەلای لقەکەی ئەوان تۆمارکراوە.

بە پێی ئامارێکی نەخۆشخانەی گشتی کەلار لە ماوەی سی مانگی رابردوودا نزیکەی 30 حاڵەتی سوتان لە نەخۆشخانەکە بە هۆکاری جیا جیا تۆمار کراوە.

ئەرکان حەمە رەشید – بەرپرسی بەشی راگەیاندنی نەخۆشخانەی گشتی کەلار راگەیاند " لە ماوەی سی مانگی رابردوودا لە سنوری گەرمیان و کەلار 38 حاڵەتی خۆسوتاندن تۆمار کراوە کە هاتونەتە نەخۆشخانەی گشتی کەلار " و ئاشکرایشی کرد کە هۆکارەکان جۆراو جۆرن واتا سوتان و خۆسوتان و پێدا تەقینی مۆلیدە و هەندێك هۆکاری نەزانراو.

سەنتەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە رەگەزی مێینە لەکەلار کە لە لایەن رێکخراوی npa ی نەرویجیەوە بۆ کەم کردنەوەی توندوتیژی دژی ژنان دەمەزراوە، لە ماوەی ئەمساڵدا 40 کێشەی هاتووەتە بەردەست و بەوتەی توێژەرێکی ئەو سەنتەرەش زۆرینەی کێشەکان هۆکاری دەروونی و کۆمەلایەتی لە پشتە.

فاتمە عەبدول لەتیف -توێژەری کۆمەلایەتی سەنتەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە رەگەزی مێینە لەکەلار ئاشکرای کرد " لە ماوەی ئەمساڵدا نزیکەی 40 کێشەی کۆمەلایەتی هاتوەتە بەردەستیان کە توانیان زۆربەی زۆری چارەسەر بکەن کە ژمارەی ئەو کێشەی کە چارەسەر کراوە 37 کێشە بووە و ئەوانی تر کێشەی یاسایی بوون و ئێستا لە لایەن ئەوانەوە لە دادگا کاری لەسەر دەکرێت " و ئاماژەی بەوەیش کرد کە کێشەکان زیاتر لە لایەن باوك و براو کەسانی باڵا دەستەوە دژی ژنان کراوە و کێشەکانیش زۆرتر دەرونی و کۆمەلایەتی و یاسای بووە.

بەگوێرەی زانیارییەکانی لیژنەی خانەقی یەکێتی ژنان، توندوتیژی لە شاری خانەقی بەرێژەیەکی کەم زیادی کردووە و تەنها لەم ساڵدا دە ژن کوژراو یان سوتاون.

لە لیژنەی خانەقی یەکێتی ژنان (شیرین خانەقینی) باسی لەوەکرد کە گەرچی توندوتیژی زیاتر بووە، بەڵام رێژەکەشی بەوشێوەیە زەق و گەورە نییە، هۆکارەکەشی بەزۆری بۆ گرفتی نێوان بوك و خەسوو و نەگونجان گەڕاندەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

22:34 3-12-2007 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

مامۆستا سەلاح شاکەلی – تویژەی کۆمەلایتی و شارەزا بە کۆمەڵگەی کوردی سەبارەت بەوی کە تێروانینی کۆمەڵگەی کوردی بۆ توندوتیژی چۆنە ووتی " ئەوەی من ئاگادار بم کۆمەڵگەی کوردی بۆ دەرووەی خۆی کۆمەڵگەیەکی زۆر نەرم و نیان و زۆرکات لە رووبەڕوبونەوەی دوژمنیەکانیدا زمانی نەرم و ئاشتی بەکارهێناوە بەڵام کەچی لەبەرامبەر تاکەکانیدا زیاتر توندوتیژ بووە و زۆر جار ئەو رق و کینەی بەسەر کەسە بی هێزەکانی کۆمەڵگەدا دەربڕیەوە و ژنان تا رایەك بوونەتە قوربانی دەستی توندوتیژەیەکانی کۆمەڵگەوە ".

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.